Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C02

# بیری ڕوناکبیریی لە هۆنراوەکانی (بێدار)دا

ئیدریس عبداللە مسطفی[١]، عماد شکور محمود[٢]

١- بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان – عێراق

٢- وەزارەتی پەروەردە، ب.پ. گەرمیان، ب.پ. کەلار، هەرێمی کوردستان – عێراق



| Article Info | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

ڕووناکبیریی، ڕەخنەی ئاینی، زانست و خوێندەواریی، مەسەلەی نەتەوایەتی


**Corresponding Author**

emad.shkur2014@gmail.com

**پوختە:**

ڕوناکبیریی بزوتنەوەیەکی گشتگیر و فرە ڕەهەند بوو، کە ئەورووپا و ڕۆژئاوایی گرتەوە، دواتر پەلی هاویش بۆ ناوچەکانی دیکە، پەیامی ئەم بزوتنەوەیە زۆر بواری کۆمەلایەتی و ئاینی و سیاسی و چینایەتی... هتد گرتەوە، لەنێو نەتەوەی کورددا شاعیران ئەو ئەرکەیان خستە ئەستۆی خۆیان و بە پەیامی شیعری کۆمەڵگایان لە دواکەوتووی و ژێردەستەیی و نەخوێندەوای وشیارکردەوە. شێخ بابا عەلی (بێدار) (1894- 1949) یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکانی نەتەوەی کورد، کە ناوەڕۆکی شیعرەکانی هەڵگری پەیامی ڕووناکبیریە. ئەم شاعیرە هەوڵیداوە بە پەیامی شیعری کۆمەڵگەکەی وشیار بکاتەوە لە دەردی خوێندەواریی و نەزانی و فرتوفێڵی بەناو کەسانی ئایینی و ژێردەستەیی و سەرکەوتنی نەتەوایەتی، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیداوە بەزمانێکی پڕ واتا و ئاوازێکی خۆش و دڵرفێن پەیامی خۆی بە خوێنەران بگەیەنێت. ئەگەرچی ئەم سوژەیە توێژینەوەی زۆری لەسەر ئەنجامدراوە، بەڵام شیعرەکانی بێدار کە هەڵگری ئەم پەیامەن هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەبارەوە نەنوسراوە، بۆیە ئێمە ئەو ئەرکەمان خستووەتە ئەستۆی خۆمان و لەسەر ووەها بابەتێك توێژینەوەکەمان ئەنجام داوە. ئامانجمانە ئەو هۆنراوانەی شاعیر بخەینە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە کە هەڵگری پەیامی ڕوناکبیریە، ئاستی وشیاری و ڕوناکبیریی شاعیر سەبارەت بە ژیان و ئاریشەکانی بخەینە بەر باس و توێژینەوە، بۆیە بە میتۆدی وەسفی و شیکاری توێژینەوەکەمان ئەنجام داوە. توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم زاراوە و پێناسە و خەسڵەتەکانی ڕوناکبیریی و ژیاننامەی شاعیرمان خستووەتەڕوو. بەشی دووەم: بیری ڕووناکبیریی لە هۆنراوەکانی بێدار دا.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە ،کە بە ناونیشانی (بیری ڕوناکبیریی لە هۆنراوەکانی بێدار)دایە, هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی پەیامی ڕووناکبیری دەقە شیعرییەکانی بێداری شاعیر.واتا شاعیر وەکو هەوڵێکی سەرەتایی توانیویەتی پەیامی ڕوناکبیریی بگەیەنێت بە تاکەکانی کۆمەڵگاکەی لەڕێگەی دەقە شیعرییەکانییەوە, بەوواتایەکی دیکە ناوەڕۆکی دەقەکانی شاعیر هەڵگری پەیامی ڕووناکبیرییە لە ڕووی بابەتەکانی (ڕەخنە و هاندان بۆ خوێندن و پێشکەوتن و نەهێشتنی دووبەرەکی و یەکگرتووی و گرنگیدان بە مەسەلە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:** لەنێو توێژینەوەی کوردیدا توێژینەوەی باش و بەپێز لەبارەی ڕوناکبیریی شیعرییەوە ئەنجام دراوە, بەڵام گرنگی بە شاعیرێکی ڕوناکبیریی وەکو بێدا نەدراوە, بۆیە بابەتی ڕوناکبیریمان وابەستەکردووە بە ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکانی بێدارەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا سودمان لە میتۆدی وەسفی و شیکاری و مێژووی بینیوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجمانە پەیێی بنەماکانی بزوتنەوەی ڕوناکبیریی, شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی, یاخود پەیامی ڕووناکبیری دەقە شیعرییەکانی شاعیر بکەین.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:** چەمک و زاراوە و پێناسە و مێژووی ڕوناکبیریی.

**بەشی دووەم:** بیری ڕوناکبیریی لە هۆنراوەکانی بێدار دا.

## بەشی یەکەم: ژیانی بێدار, زاراوە, پێناسە و خەسڵەتەکانی ڕوناکبیریی.

### 1-1- ژیان و بەسەرهاتی بێدار.

بێدار، یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکانی ناوچەی گەرمیان. ناوی تەواوی ((شێخ بابا عەلی کوڕی شێخ عەبدوڵلای کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ سەلیمی هەنجیرانە))(باجەلان،2003: 12). لە بنەچەدا دەچنەوە سەر نەوەی (پیر یونس) (ئەحمەد،1990: 39). باوکی لە (ئاوایی گەورە)ی سەر بە ناحیەی قۆرەتووی قەزای خانەقین نیشتەجێ بووە و هەر لەوێش هاوسەر گیری کردووە(باجەلان، 1974: 5).

سەبارەت بە ساڵی هاتنە دنیا ئەم شاعیرە بۆچوونی جیاواز هەیە. مامۆستا عەلائەدین سەجادی(1907-1984) ساڵانی هاتنە دونیا و مردنی بە ((1892-1949ز، دیاری کردووە))(سەجادی،1971: 596). ئیبراهیم باجەلان کە کۆکەرەوە و ساغکەرەوەی بەشێك لە دیوانەکەی بێدارە، ڕای وایە: بێدار ساڵی 1894- 1949ی زاینی بەساڵی هاتنە دونیا و مردنی دیاری کردووە، لە (گوندی بنکورە)ی ناو هۆزی باجەلان. باوکی لەتەمەنی دوازدە ساڵان دەینێرێتە خانەقین بەمەبەستی خوێندن و لەوێ لەلای (شێخ ساڵحی مودەڕیس) دەست بەخوێندن دەکات.(باجەلان،2003:13).

نازناوی شاعیر، لەسەرەتاوە وەکو لەناو دەقە شیعرییەکاندا هاتووە، نازناوی (بابا)ی هەڵبژاردووە، لەپاشاندا نازناوی (بێدار) بەکارهێناوە. ((ئەم نازناوەش ئەدیبی پایەداری کورد (ڕەفیق حیلمی) بۆی داناوە. شێخ محمد امینی برای دەڵێت شێخ بابا عەلی برام هاوڕێیەکی دڵسۆزی خوالێخۆشبوو ڕەفیق حیلمی بوو، لەکاروباری سیاسیدا بابا علی ئەندامێکی چالاکی حیزبی هیوا بوو. چەندینجار ڕەفیق حیلمی لە کەرکوکەوە ئەهاتە خانەقین بۆ چاوپێکەوتنی شێخ بابا عەلی و هاوڕێکانی، وە لەگەڵیان کۆ ئەبووەوە و لەبارەی گیروگرفتەکانی (حزب) و بڵاوکردنەوەی مەنشوراتی حزب بەدێهاتەکانی ئەو ناوچەیەدا))ئەحمەد، 1990: 40).

ناوەڕۆکی شیعرەکانی بێدار بریتین لە بابەتی ئاینی و نیشتمانپەروەریی و گرنگیدان بە زانست و خوێندەواری، هەروەها لە بابەت ڕەخنەگرتنەوە دەستێکی باڵای هەبووە و بەبێ سڵکردنەوە ڕەخنەی توندی لە دەسەڵاتداران و پیاوانی ئاینی و دواکەوتووی و نەخوێندەواری و ژێردەستەیی گرتووە، ئەم بابەتانەش لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە،، دەکرێت وەکو هەوڵێکی ڕوناکبیریی دابنرێت.

### 2-1- زاراوە و پێناسەی ڕوناکبیریی.

ڕوناکبیریی لە زمانە ئەورووپییەکاندا بەپێی ڕێککەوتنی فەرهەنگی و زمانی چەندین دەستەواژەی جیاوازی بۆ بەکاردەهێنرێت. ((لە زمانی فەرەنسیدا (Lumiere)، و لە ئینگلیزیدا (Enlightenment)، و لە ئیتاڵیدا (Illumismo)، لە ئەڵمانیدا (Aufklarung)، و لە ئیسپانیدا (Ilustracion)، بۆ بەکارهاتووە)) (بوروبیر، بیار- ایف، 2006: 19). لەزمانی عەرەبیشدا زاراوەکانی (الاستنارة و التنویر) بەکاردەهێنرێت. لەزمانی فارسیدا زاراوەی ڕۆشن فکر و ڕۆشنگەری بەکاردەهنێت، هەروەها لەنێو کوردیشدا زاراوەی ڕوناکبیریی و ڕۆشنبیریی بەکاردەبرێت.

لە کتێبە ئاینییەکاندا و بەدیاریکراویش لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین ئایەتدا باسی (النور) کراوە و تەنانەت سورەتێك بەناوی (النور)هوە هاتووە (({الله نور السموات والارض}، واتا: خودا ڕووناکی زەوی و ئاسمانەکانە، هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا ئاماژەی بۆ کراوە {قد جاءكم من الله نور وكتاب مبين} واتا: لەلایەن خوداوە ڕووناکی و قورئانێکی ڕوون و ئاشکراتان بۆ هاتووە. لە ئایەتێکی دیکەدا خوای گەورە دەفەرموێت: {وأشرقت الارض بنور ربه} واتا:  بە ڕووناکی خودا زەوی ڕووناك بووەوە))( قورئانی پیرۆز ، النور، مائدە).

لە ئاینی مەسیحدا ئاماژە بە زاراوەی ڕووناکی کراوە بەشێوەیەك (( ڕووناکی و خودا پێکەوە گرێدراون))(بغورە، 2009: 72)، واتا پەیوەندییەکی جەوهەری لەنێوان ڕووناکی و ڕووناکی خودادا هەیە.، ئەم جۆرە تێڕانینە لە گەڵ بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا چوون یەکن، چونکە ئاینی ئیسلام خودای گەورە بە سەرچاوەی ڕووناکی و مەعریفە و زانست دەزانن.

لەفەلسەفەی ڕۆژئاوادا بەشێکی زۆری فەیلەسوفان باسیان لە ڕووناکی سروشت کردووە، وابەستەیانکردووە بە ئاوەزەوە ((مۆنتسکیو، ڕۆسۆ، ڤۆڵتێر، دیدرۆ، کانت،...هتد"، باسیان لەپەیوەندی نێوان ڕووناکی سروشتی و ڕووناکی عەقڵ کردووە، لەو سەردەمەدا ڕوناکبیریی زیاتر لەجاران دەرەوشایەوە، بە جۆرێك  فەلسەفە هزرەکانی ڕووناککردەوە، ڕووناکی بەهاوتای پێشکەوتن ئاماژەی پێدەکرا، وەك "تۆرگۆ" باسی لێکردووە، کە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەسەر ڕێرەوێکی ڕاست دەڕوات))(کۆتنغهام،1997: 67).

چەمکی ڕوناکبیریی لە ڕۆژئاوادا گرێدراوی ((قۆناغی سەرکەوتنی بیری کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ڕووناکبیری ئازادە، کە ڕێگای خۆشکرد بۆ بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی و جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی بنەماکانی چینی ناوەڕاست لە ڕووی بیر و سیاسەت و ڕەفتارەوە))(الحیدری، 2012: 59).

ڕوناکبیریی گۆڕانکارییەکی گشتگیری فکری و فەلسەفییە لە عەقڵێتێکی میتۆلۆژییەوە بۆ عەقڵێکی زانستی و ڕەخنەیی، بەواتای ڕاڤەکردنی دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەدا، ئەمە وا دەکات مرۆڤ هەمیشە بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشایی جیهان بکات، کە پێشتر نەبووە. هەربۆیە (پرۆفیسۆر ڕۆش) دەڵێت: ڕووناکبیری ئەو شۆڕشە فیکرییە سەرتاسەرییەیە کە پێشتر لە مێژوودا ڕووی نەداوە. ئەم بزتنەوەیە لە ئەوروپا بەر لەسەدەی هەژدەهەم و بە دیاریکراویش دوای ساڵی 1650ز دەستی پێکرد، واتە دوای ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە کاتێك فەیلەسوفانی ئەوروپا بۆ یەکەمجار توانیان ڕەخنە لە ئایین بگرن، بەتایبەت دۆگماتیزمی کاتۆلیکی.(صالح،2007: 129).

ڕووناکبیری ئەو بزووتنەوەیە بوو (( کە بەهۆی ڕووناکبیران و بانگەشەکارانی ئەو سەردەمەوە بەرەو پێشەوە دەبران، بەبێ چەن و چوون هەنگاوێکی قەطعی بوو لە ڕەوتی پێشکەتنی مرۆڤایەتیدا))(پۆرتەر،2016: 9).

### 3-1- مێژووی بزوتنەوەی ڕووناکبیری.

بەهۆی ئاڵۆزیی و بەنێویەکداهاتنی پرنسیپەکانی بزوتنەوەی ڕوناکبیرییەوە ناتوانین هێڵێ یەکلاکەرەوەی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە فکرییە دیاری کەین، بەڵام بەگوێرەی هەندێك لەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستان و لەم بارەیەوە نووسراون، سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕوناکبیریی لە سەردەمی ڕێنسانسەوە سەریهەڵداوە و ناوەندی دەستپێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئیتالیا و دواتر وڵاتانی فەرەنسا و ئەڵمانیا، هەروەها ئینگلتەرا. لەسەردەمی ڕێنسانسدا چەندین هۆکار هەبوون بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا و پاڵنەیێکی باش بوون بۆ شکاندنی بەربەستی بەردەم ئەم بزووتنەوەیە، بەتایبەت((دۆزینەوە جوگرافییەکان و گەشتیاری جیهانی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی بزوتنەوەی ڕوناکبیریی بە دنیادا))(دان،

2008: 18)، سەرەڕای ئەوەی شۆڕشی ئاینی و عەقڵگەرایی و گەشەسەندنی پیشەسازی و گەشتە بازرگانییەکان، شانبەشانی ڕاپەڕینی ڕێنسانس ڕۆڵێکی گرنگیانگێڕا لە بڵاوبونەوەی بزووتنەوەی ڕوناکبیریی لەئەورووپادا.

سەردەمی ڕوناکبیریی لە بزووتنەوەیەکی زانستی ئەورووپییەوە سەریهەڵداوە، بە بزووتنەوەی "هومانیزمی ڕێنێسانس" ناسراوە. هەندێک کتێبی نیوتن بە ناوی پرینسیپیا ماتماتیکای فەلسەفەی سروشتی کە لە ساڵی ١٦٨٧ نووسراوە بە یەکەمین بەرهەمی گەورەی ڕوناکبیریی دادەنرێت. مێژوونووسانی فەرەنسی سەرەتای سەردەمی ڕوناکبیریی بە ماوەی نێوان کۆچی دوایی لویس پێناسە دەکەن. فەیلەسوف و زانایانی ئەو سەردەمە بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەی زانستی لە ئەکادیمیاکان و کۆشکی ماسۆنی و ساڵۆنی ئەدەبی و قاوەخانەکان و لە ڕێگەی کتێبی چاپکراو و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانەوە بیرۆکەکانیان بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوکردەوە. بیرۆکەکانی ڕوناکبیریی دەسەڵاتی شاهانە و کڵێسایان تێکدا و ڕێگەیان خۆشدەکرد بۆ شۆڕشە سیاسییەکانی سەدەی ١٨ و ١٩. بزووتنەوە فکرییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، لەوانەش لیبرالیزم و نیوکلاسیک سەرچاوەی فیکریی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ڕوناکبیریی.

بەهۆی ڕوون نەبوونی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە فکرییە، بۆیە  لەڕێگەی سەردەمی فەیلەسوفانی ڕوناکبیرییەوە دەتوانین تارادەیەکی باش ئاشنا ببین بە سەرەتاکانی ئەم بزووتنەوە فکرییە، کە ئەویش فەیلەسوفانی سەدەی حەڤدە و هەژدەن. لە دیارترینیان (سپینۆزا (1632-1677) یەکەمین فەیلەسوفی ڕوناکبیرە، جۆن لوك(1632-1704) دامەزرێنەری هزری لیبرای بوو، هەروەها ئیسحاق نیوتن (1643-1727) ئەم بیریار و ڕووناکبیرە زیاتر پەرەی بە ڕێبازی ئەزموونگەرایی دەدا، پیربایل (1647-1706) دێت، ((کە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ڕووناکی سروشتی لە سەروو ڕووناکی میتافیزیکیەوە دانا، ڤۆلتێر(1694-1778)، کانت (1724-1804) گەورە فەیلەسوفی سەدەی هەژدەیەم بوو شێوازێکی مەزنی لە (فەلسەفەی میثالیەت) دەرخست وەك شۆڕشێکی گەورە بوو، جان جاك ڕۆسۆ(1712-1778)، ڕۆڵێکی گرنگە بینی لە تێکشکاندنی داب و نەریتە کۆنەکان و کۆت و بەندە ئاینییەکان، هۆڵباخ(1723 -1789)، لەنەوەی سێیەمی ڕووناکبیرانی فەرەنسی بوو. ئەم فەیلەسوفە ڕووناکبیرانە بەشێوەیەکی تۆکمە و سیستەماتیکیانە برەویان بە بیر و باوەڕەکەیاندا و توانییان گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە نێو میللەتەکەیاندا بڵاو بکەنەوە.

بزوتنەی ڕوناکبیریی لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا درەنگ دەرکەوت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەو ئامراز و زەمینە سازییەی کە لە ئەورووپا هەبوو لەلای نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات نەبوو، گەلانی ڕۆژهەڵات لەژێر کاریگەری ئەوروپادا دەستیان بەگۆڕانکاری کرد. هەروەکو دەگوترێت: ڕوناکبیرانی کۆمەڵگای ئێمە زۆربەیان لەژێر کاریگەری سەلیقەی ئەوروپا و ڕۆژئاوادا بوون، هەرگیز نەیانتوانییەوە سەربەخۆیی فەرهەنگی و نەتەوەیی بەدەست بهێنن.(ازاد، 1379: 40).

سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕوناکبیریی لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا زۆر درەنگ دەرکەوت، بەبەراورد بەنەتەوەکانی دیکە، هەمەش بەهۆی نەبوونی هیچ ئامرازێکی بڵاوکردنەوەی بابەتە فیکرییەکان، سەرەڕای نەبوونی هیچ فەیلەسف و بیرمەندکی ئەو تۆ کە بتوانێت کاریگەری هەبێت و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا بکات، ئەوەی هەبوو تەنها شاعیرانبوون توانیان ئەرکی بڵاوکردنەوەی ڕوناکبیریی لە کۆمەڵگا دا بگرنە ئەستۆی خۆیان ئەویش بە پەیامی شیعری بوو. شاعیران هەوڵیاندا کۆمەڵگا لە دیاردە دزێو و نالەبارەکان کۆمەڵگا هۆشیار بکەنەوە. ناوەڕۆکی شیعری کە تایبەتمەندی ڕووناکبیری پێوە بەدی کرابێت لە ئەحمەدی خانی(1650-1707) دەستپێدەکات تا دەگاتە حاجی قادری کۆی(1816-1897) ... هتد، لە پاشانیش شاعیرانی نوێخوازی وەکو پیرەمێرد(1867-1950) ، بێکەس(1905-1948) و هێمن موکریانی(.....هتد بوون.

## 1-4- خەسڵەتەکانی ڕوناکبیریی شیعری کوردی.

ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە گۆڕانکارییەکی باشی بەخۆیەوە بینی. ئەمەش بەهۆی شاعیرانی ئەو سەردەمەوە بوو. ئەمە بەو واتایەدێت کە کۆمەڵێك لە شاعیرانی نوێخواز بەهۆی ئاگاداربوون لە گۆڕانکارییەکانی دونیا، هەوڵیاندا گۆڕانکاری لە نێو کۆمەڵگای کوردیشدا بکەن. پرۆژەکەیان بریتی بوو لە بەرەنگاربوونەوەی دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و کلتوور و دووبەرەکی ناوخۆیی...هتد. بەشێوەیەکی گشتی خەسڵەتەکانی بزووتنەوەی ڕوناکبیریی کوردی بریتی بوون لە:-

### 1-4-1 خوێندن و زانست.

زانست و خوێندەواری لە دیارتیرین خەسڵەتەکانی ڕوناکبیریی بوون, بەدرێژایی مێژوو فەیلەسوفان و ڕوناکبیران هەوڵی سەرخستنی پرۆسەی خوێندن و زانستیان داوە. زانست و خوێندن سەرچاوە وکلیلی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بوون لە نێو نەتەوەکانی جیهاندا, بۆیە شاعیرانی کورد هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەم دوو تەوەرە گرنگەیانداوە, ئەمەش کاتێک بوو کە  ((نەتەوەکانی تریان بینیوە بەهۆی زانستەوە چۆن پێش کەوتوون و سەیری میلەتی کوردیشیان کردووە کە هێشتا لەناو زەلکاوی نەزانی و نەفامی و دواکەوتوویدایە، بۆیە هەموو هەوڵێکیانداوە و شیعرەکانیان کردۆتە مینبەری هۆشیارکردنەوەی خەڵك و هاندانیان بۆ بەدەست هێنانی خوێندن و زانست))(مستەفا,٢٠١٧: 114). دیارە شاعیرانی ڕوناکبیریی کورد درکیان بەوە کردووە کە نەتەوەکانی دیکە بەهۆی خوێندن و زانستەوە گەیشتوون بە ژیانێکی شایستە, لەهەمانکاتدا دواکەوتن و ژێردەستەیی کۆمەڵگایان بینیوە کە چۆن بەهۆی نەخوێندەوارییەوە لە ئاستێکی خراپی ژیاندا بوون. بۆیە هەموو هەوڵی خۆیان خستووەتەگڕ و بەپەیامی شیعری خەڵکیان هانداوە بۆ خوێندن و دەستخستنی زانیاری, بەشێوەیەک کە کۆمەڵگا لە خەوی نەزانین هۆشیار بکەنەوە.

### 1-4-2- ڕەخنەگرتن لە ژێردەستەیی.

هەروەکو دەگوترێت ئەدەب ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگایە، بۆیە کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان بەبەردەوامی لەنێو دەقە ئەدەبییەکان و شیعر بەتایبەتی ڕەنگی داوەتەوە. ئاشکرایە کە کۆمەڵگای کوردی لە مێژە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و کلتوری بەرۆکی کۆمەڵگای گرتووە، کاریگەریی خراپیان لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگادا هەبووە، بۆیە شاعیرانی ڕوناکبیریی کورد هەستیان بەمەترسییەکانی ئەم کێشانە کردووە و بەپێی تێگەیشتنی خۆیان کۆمەڵگایان لێ هۆشیارکردووەتەوە. بەبەردەوامی بەپەیامی شیعری ڕەخنەی توندیان لە کلتوری خراپ و ململانێی ناوخۆیی و جیاوازی چینایەتی گرتووە. چەکی دەستی شاعیران بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم دیاردە خراپانەی کۆمەڵگا تەنها شیعر بووە بۆیە((بەهۆیەوە ڕاستی ڕووداوەکان

تەنگەژەکان و بارودۆخی خۆیی و کۆمەڵەکەی ڕاستگۆیانە دەرئەبڕێت، هەرئەم کەرەستە و دەربڕینەش ئەبێتە بابەتێکی کۆمەڵایەتی))( کەمال،2012 :200).

### 1-4-3- کێشەی نەتەوایەتی و نیشتمان.

نەتەوەیی کورد بەدرێژایی مێژوو هەندێکجار خاوەنی قەوارە و نیمچەقەوارەیی خۆی بووە, بەڵام بەبەردەوامی دووچاری داگیرکاری و ژێردەستەیی بووەتەوە، ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەیی خاکەکەی و سنوری جوگرافییەوە ((لەزۆربەی قۆناغەکاندا لەژێر دەستەلات و چەکمەی زۆرداران و دەستەڵاتە ناوچەیەکاندا بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی داگیرکاری عوسمانیدا، چەندین دیاردەی ناهەموار و دزێوی بەسەردا سەپێنراوە، وەك دواکەوتویی لەهەموو بوارەکانی ئابووری و خوێندەواری و دەستەڵاتەوە))(کەساس،2015: 248). لێکەوتەکانی ئەم داگیرکارییە وای لە شاعیران کرد کە زیاتر گرنگی بەم مەسەلەیە بدەن و بە پەیامی شیعری کۆمەڵگا هۆشیار بکەنەوە لە بەرەنجامە خراپەکانی.

### 1-4-4- هاندان بۆ یەکڕیزی و دژایەتیکردنی ناکۆکی ناوخۆیی.

بەدرێژایی مێژوو نەتەوەی کورد دوچاری چەندین کێشە و گیروگرفت بووەتەوە کەبووەتە هۆکاری ژێردەستەیی و دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردی, لەدیارترین ئەو گیروگرفتانە کێشەی یەکنەبوون و یەکنەگرتنی چینەکانی کۆمەڵگایی کوردی بووە, بۆیە شاعیران هەوڵیانداوە بەپەیامی دەق شیعری کۆمەڵگا هۆشیار بکەنەوە لەو گرفتە کوشندەیە, دیارەکەمەش هەر لەرێگەی شیعرەوە بووە, چونکە کەرەستەی دەربڕین لای شاعیر شیعرە، بەهۆیەوە ڕاستی ڕووداوەکان تەنگەژەکان و بارودۆخی خۆیی و کۆمەڵەکەی ڕاستگۆیانە دەرئەبڕێت، هەرئەم کەرەستە و دەربڕینەش ئەبێتە بابەتێکی کۆمەڵایەتی))(کەساس, 2008: 247). شاعیرانی کورد بەپەیامی شیعری ڕەخنەی توندیان لە دووبەرەکی ناوخۆیی گرتووە و هەمیشە هانی تاکەکانی کۆمەڵگایانداوە بۆ یەکڕیزی و سەرکەوتنی نەتەوایەتی و دەرچوون لەژێر باری داگیرکاری و ژێردەستەیی.

### بەشی دووەم: بیری ڕوناکبیریی لە هۆنراوەکانی بێدار دا.

### ٢-١- ڕەخنەگرتن لە پیاوانی ئاینی.

کۆمەڵی کوردەواریمان کۆمەڵگەیەکی موسڵمان بووە, شێوازی خوێندنیش لە چواردەوری بیروباوەڕەئاینیەکاندا سوڕاوەتەوە, بۆ ئەم مەبەستەش لە حوجرەکانەوە خەڵکی فێربی خوێندن و زانیاری دەبوو, دیارە ئەم حوجرانەش پێڕەو و پرۆگرامی تایبەت بەخۆیان هەبووە, وانەی باشیان فێری خەڵکی دەکرد, بەڵام لەم نێوەندەشدا کەسانی بەناو ئاینی هەڵبەرستیشی تێدابووە و هەوڵی گۆشەگیرکردنی فەقێیانیانداوە و دایان بڕیون لە کۆمەڵگا و ژینی نوێ, بۆیە شاعیر ڕەخنە لەو جۆرە حوجرە و شێوازە ژیانە دەگرێت و دەڵێت:

قسەی واعیز لە گوێ ناکەم لە ڕێی ژینا وونی کردم

بەحیلەی چاوی بەستم گۆشەگیری قوژبنی کردم

لەخۆیەوە ژینی پیشاندام چ ژینێ ژینی حەیوانی

لە دەرسی (مەعریفەت) هەر فێری خەون و خواردنی کردم (باجەڵان(٢٠٠٣: ٥٣).

دیارە لە کۆمەڵگای کوردیدا واعیزان و سۆفیان هەمیشە بەوە ناسراون ئامۆژگاری خەڵکیانکردووە بۆ دابڕان لەکۆمەڵگا و قوژبنگیری, ساعیر بەبیری ڕووناکی خۆی و وەکو تاکێکی کۆمەڵگا درکی بەوە کردووە کە ئەم جۆرە ئامۆژگارییانە تاک دووچاری گۆشەگیری و لە قوژبن خران دەبێت, بۆیە کەوتووەتە ڕەخنەگرتن لێیان و بەهۆکاری دوورکەوتنەوە لە مەعریفەت و نزیک بوونەوە لە گۆشەگیری و دورکەوتنەوە لە ژیانێکی شایستەیان دەزانێت. بۆیە کۆمەڵگا وشیاردەکاتەوە لەوەی کەنابێت بێئاگابین و تەسلیمی ئەم جۆرە بەناو دیندارەببین هەروەکو دەڵێت:

بەدۆستی تێگەیشتم و کاتێ غافڵ بووم و نەمزانی

بەئاسانی بەجارێ تا ئەسیری دوژمنی کردم (باجەڵان: ٥٣)

شاعیر بەهۆی ئەوەی کە باوەڕی بەم جۆرە کەسایەتییە ئاینییە هەبووە, بۆیە بە ئامۆژگارییەکانی ئەمان بووە بە ئەسیر و دیلی دەستی دووژمنان, کەواتا بە بڕوای شاعیر ئەم جۆرە کەسایەتییە ئاینیانە ڕاکێشەری تاکی کۆمەڵگان بۆ ژێردەستەیی و دواکەوتووی, بۆیە دەڵێت:

بەسەرکەوتن کە خۆمم دی. لە ڕیزی ئادەمیزادا

پەشیمانی لەمەوپێشم ئیشارەی مردنی کردم(باجەڵان:٥٣)

شاعیر بەهۆی ئەوەی کە لەوەو پێش لەژێر باری ئامۆژگارییەکانی ئەم جۆرە کەسانەدا بووە بۆیە خۆی بە ئادەمیزاد نەزانییوە, بەڵام کاتێک بە هۆش خۆی هاتووەتەوە ئەوجار زانیویەتی کە لە چ ژیانێکی ناخۆش و دواکوتوودا بووە, لێرەدا زۆر بەڕوونی شاعیر ڕەخنە لەو کەسایەتیانە دەگرێت و ئەو ژیانەش کە ئەوان پێشنیازی دەکەن بۆ تاکی کۆمەڵگە بەتەواوی ڕەتی دەداتەوە و تەنانەت پەشیمانیشە لەوەی کە باوەڕی بەو جۆرە ئامۆژگارییەیە کە لەلایەن ئەم جۆرە کەسایەتییانەوە کراوە.

### ٢-٢- هاندان بۆ پێشکەوتن.

شاعیر لە زۆربەی دەقە شیعرییەکانیدا هانی تاکەکانی کۆمەڵگای داوە بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن, دیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە, بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی و هەوڵێکی ڕووناکبیرانەیە, شاعیر لەلایەک ڕەخنە لە هەوڵنەدان بۆ پێشکەوتن دەکات و لەلایەکی دیکەوە هانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەدات بۆ پێشکەوتن, بۆیە لەزۆر باردا بەتەنز و ڕەخنەوە پەیامی شیعری بەگوێی تاکەکانی کۆمەڵگادا داوە و دەڵێت:

لەڕێی پێشکەوتنا- ئەی بێخەبەر! بۆچ وێڵ و داماوی؟

مەگەر تۆ ئادەمیزادی وە یاخۆ داری تاشراوی!

ئەبینی هەر مەلێ بۆ هاوگەلی خۆی وا لەپەروازا

لە خۆت چی تێ ئەگەی: بیناى؟ وە یاخۆ کوێری بێ چاوی؟ (باجەڵان: ٥٢)

شاعیر بە توندی ڕەخنە لە تاکەکانی کۆمەڵگا دەگرێت و بە وێڵ و داما و داری داتاشراویان دەچوێنێت, هەروەکو چۆن بەکوێر و نابینایان دادەنێت, چونکە بێخەبەرن لە هەوڵی پێشکەوتن و سەرکەوتن, بۆیە وێنەی مەلێکی دەهێنێتەوە کە چۆن بۆ هاوپۆلەکانی خۆیان لە پەروازدان, بەوردبوونەوە لە مەبەستەکەی شاعیر هاندانێکە بۆ یەکگرتن لە پێناوی پێشکەوتن و سەرکەوتن دا.

## ٢-٣- ڕەخنەگرتن لە نەخوێندەواری.

سەرەکیترین هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگا خوێندن و زانستە, تەواوی میلەتانی دونیا بە زانست و خوێندەواری گەیشتوون بەوپەڕی پلەی خۆشگوزەرانی, بەڵام لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا درەنگتر مەسەرەی خوێندن گرنگی پێدراوە, بۆیە شاعیرانی کورد هانی تاکەکانی کۆمەڵگایانداوە بۆ گرنگیدان بەخوێندن و زانست, بێداری شاعیر بە پەیامی شیعری هانی خەڵکیداوە بۆ خوێندن و ڕەخنەی توندی لە نەخوێندەواری و تەنانەت زانای نێو نەتەوە و هۆزەکەشی بەر تیری ڕەخنە داوە, هەروەکو دەڵێت:

بەنەشئەی بەزمی دەم بەدەم, ڕوحم وا لە پەروازە

لەدەست نادانی هۆزم چ بکەم, جەرگم پەروازە

.............

خودایە سا دەوایە بۆ عیلاجی مێشکی بێ هۆشان

بەمەیلی خۆت بکەی چارە, کە دانا عەقڵی داناوە (باجەڵان: ٥٤).

بەورد بوونەوە لە پەیامی دەقەکە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر بەبیری ڕووناکی خۆی لەدژی نادان و نەخوێندەوارەکان وەستاوەتەوە و بەوپەڕی توانایەوە ڕەخنەیان لێدەگرێت و بە بێ مێشک و بێ هۆشیان ناو دەبات, بۆیە داوا لەخودا دەکات هۆش و بیریان بەبەردابکات, تاوەکو وەکو میلەتانی دیکە تێبکۆشن و زانست و زانیاری فێربین, هەروەکو دەڵێت:

لەسایەی سەنعەت و حیکمەت, کە تێکۆشی بێت هەر وەحشێ

لە هەر لا سەیر ئەکەی حازر, ئەبینی مەردی مەیدانە

بە عیلمی بێ عەمەل هیچ ناکرێ خزمینە تێکۆشن

بە دەعوای بێ سەمەر هەرکۆتێ جەهلە و وا لەپێمانا

بە تەڵقین زیندووە مردوو, بەبانگێ هەڵ ئەسێ نوستوو

بەشەق گەر تۆ نەبی وریا, ژیانت ژانە کەی ژیانە(باجەڵان: ٦١).

شاعیر وێنەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو لەزانست و زانیاری دەنەخشێنێت, بۆئەوەی کە تاکەکانی کۆمەڵگاکەی چاوی لێبکەن و هەوڵی بۆ بدەن, لێرەدا کۆمەڵگا زانستخوازەکانی بەمەردی مەیدان داناوە, لەپاڵ ئەمەشدا داوادەکات کە زانیارییەکەیان بخەنەگەڕ و کاری پێبکەن, چونکە زانیاری بێ عەمەل بە بڕوای شاعیر هیچی لێ سەوز نابێت, ناکرێت بانگەوازی بێسەر و بەر بکەیت, چونکە ئەمەش بۆ خۆی جۆرێکە لە جەهل و نەزانین, دیارە شاعیر زۆر ئەم هەوڵە ڕوناکبیریانەی بەشێوەی کردار لەنێو کۆمەڵگا و هۆزەکەیدا خستووەتە کار بۆیە لە کۆتایدا دەڵێت بە کەسێکی نووستوو بەبانگێک بێدار دەبێتەوە, بۆیە وای دەبینێت مەگەر بەشەق خەڵکی وریاکەیتەوە, کە ژیانیان وەک ژان بەسەر بردووە, ڕووناکبیری ئەم پەیامەی شاعیر بۆ هەوڵی وریاکردنەوەی کۆمەڵگاکەیەتی لە نەخوێندەواری و نەزانی بۆئەوەی وەکو میللەتانی دیکە لەخۆشی و بەختەوەریدا بژین, نەک ئەو ژیانەی کە وەکو ژیان بەسەری دەبەن. لێرەشەوە بە وێنە و وەسیەت بۆ کوڕەکەی زیاتر پەیامەکەی ڕوون دەبێتەوە و دەڵێت:

سەودای نیشتیمان مایەی ژیانە

هەمیشە تکام لەلایی یەزدانە

تۆ بیتە بەرهەم بۆ قوتابخانە

هەی لایە لایە کۆرڕەی نەوجوانم(باجەڵان:٦٠)

شاعیر هەموو ئەو هەوڵدانەی بۆ وریاکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگاکەی بۆئەوەی ڕووبکەنە خوێندن و قەتابخانە, بۆئەوەیە نیشتمانو نەتەوەکەی سەربکەوێت و لە چنگی ژێردەستەی و داگیرکاری و نەهامەتی دەربچێت و لە ڕێگەی لایە لایە و وەسیەت بۆکوڕەکەیەوە ئەمە زۆر بەڕوونی دەرکەوتووە و دەڵێت داواکارم خودای گەورە تۆم بۆ بهێڵێتەوە بۆئەوەی خزمەتی قوتابخانە و تاوەکو ببیتە نمونەیەک بۆ سەرخستنی زانست و خوێندەواری.

## ٢-٤- ڕەخنە لە بێگانە پەرستی.

لەنێو تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا, کەسانێک هەن کە بێگەناپەرەستن و دەبن بە داردەستی کەسانی بێگانە و داگیرکەر, کۆمەڵگای کوردیش بەدەر نەبووە لەو دەردە کوشندەیە, بۆیە شاعیرانی ڕووناکبیر بە پەیامی شیعری هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگایانداوە لەو دەردە کوشندەیە, بێداری شاعیر هەمیشە بە پەیامی شیعری و بیری ڕوناکی ڕەخنەی لەو کەسانە گرتووە کە بێگەنەپەرەستی دەکەن و ئاگاداریان دەکاتەوە لە بەرئەنجامە خراپەکانی ئەو کاریان, بۆیە دەڵێت:

لەسەر سفرەی خۆمانا, ئاوا دیلی دەستی بێگانەین

بە ناز و نیعمەتی ئێمەش ئەژین کۆمەڵێ بێگانە(باجەڵان: ٥٢)

پیشەی هەمیشەیی بێگانە ئەوەیە کە لەسەر خاک و ئاو و بەروبوومت دەژی, کەچی وەکو دیل و ژێردەستەش مامەلەت لەگەڵ دەکات, بۆیە نەتەوەی کوردیش دەرگیری ئەم جۆرە بێگانانە بووە بەهۆی داگیرکارییەوە, شاعیریش بەبیری ڕوناکی خۆی وێنەی خراپی ئەو بێگانانە بۆ کۆمەڵگاکەی دەکێشێت و هانیان دەدا بۆ دوورکەوتنەوە لە بێگەنە و بێگانەپەرەستی, هەروەکو دەڵێت:

لەدەوری بێگانەیی تۆ, هەر ئەسیری گەر وەکو میری

تەنافی نەگبەتە گرتووتی وا پێچراوی بەسراوی (باجەڵان:٥٢(

شاعیر وێنەیەکی زۆر ناشرینی بێگانە پەرەستان دەکێشێت و هەمیشە بە دیل و بەستراویان ناو دەنێت, و پێی وایە ئەگەر لەوپەڕی پلەی دەستەلاَت و خۆشگوزەرانی دا بن, هێشتا وەکو دیلن, چونکە سەربەستیتان سنوردارە و بێگانە وەکو کۆیلە تەماشاتان دەکات, لێرەدا پەیامی رووناکبیری شاعیر لە مەسەلەی بێگانەپەرەستی و ژێردەستەییەوە دەردەکەوێت, شاعیر لە ڕێگەی ئامۆژگاری کوڕەکەی خۆیەوە هانی خەڵکی دەدات بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان و دورکەوتنەوە لە بێگانەپەرەستی, هەروەکو دەڵێت:

وەک ماران گازە ئێشی بێگانە

هەی لایە لایە کۆرپەی شیرینم

بۆ خزمەتی گەل خۆزگە بتبینم

ئەتۆ شێر کوڵەی نەوەی شێرانی

نرخی وڵاتت زەریف بزانی( باجەڵان: ٦٠)

شاعیر لە ڕێگەی وەسیەتکردن و هیواخواستنەوە بۆ ڕۆڵەکەی دەدوێت و مێژووی پڕشکۆی ڕابردووی بەبیر ڕۆڵەکەی دەهێنێتەوە و ئاواتەخوازە لەسەردەمانێکدا بیبینێت کە لە خزمەتی گەل و نیشتیمانەکەیدایە, لەپاڵ ئەم بیرە ڕوناکبیرییەدا مەبەستی شاعیر دەردەکەوێت کە ئاماژەیە بۆ هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگاکەی بۆ دوورکەوتنەوە لە بێگانە پەرەستی و خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی خۆیان, لێرەوە رووناکبیرێتی شاعیر دەردەکەوێت.

### ٢-٥- ڕەخنەگرتن لە ڕێکنەکەوتن و هاندان بۆ یەکگرتووی.

لە کۆمەڵگایی کوردیدا لە مێژە کێشەی دووبەرەکی و چینایەتی هەبووە, ئەم کێشەیە بووبە هۆکاری نەهامەتی و داگیرکاری خاکی کوردان, شاعیران بەبەردەواوی وێنای خراپی ئەو کەسانەیان کێشاوە کە هۆکاری دووبەرەکی بوون, بێداری شاعیر هەمیشە لە بەشێکی زۆری ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا ئەو پەیامە ڕوناکبیرییە بەدی دەکرێت, هەروەکو دەڵێت:

لە ڕۆژێکی کە یەزدان ئادەمی هێنایە دونیاوە

لەهەر قەومێ کە قەومابێ, بەقەومی خۆی نەجات داوە

کە مێژوو باس ئەکات و حاڵی حازر ئێمە ئەبینین

نییە هیچ کارەساتێ, وا لە قەومی ئێمە رووی داوە

بانگی ئاشبەتاڵی چەرخ, هەموو باراشی خۆی لێکرد

لەبەر بێ هاودەستی باراشی ئێمە هەروا ماوە (باجەڵان: ٥٤).

ڕوونە کە یەکگرتن و پشتیوانی یەکدی لە نێو هەر کۆمەڵگایەکدا بەرقەرار ببێت ئەو کۆمەڵگایە دەگەن بە سەربەستی و ئازای, بۆیە شاعیر بە پەیامی رووناکبیرانە وێنەی ئەو ناهەماتییە دەکێشێت کە دووچاری نەتەوەی کورد بووەتەوە, کە ئەویش یەکنەگرتن و نەبوونی یەکڕیزییە, شاعیر بانگی یەکڕیزی دەدات و دەڵێت:

لاوی خۆم بار و دیاری خۆت لەدەست قەت بەرمەدە

ڕۆژی ڕەش پێکەوە بژین کێ دەردی کێ تیمار ئەکا؟

گەر ڕەقیب سەد جار بتلاوێنێ بەدەم, باوەڕمەکە

پاسی نانی خۆی هەمیشە وەک سەگی هەوشار ئەکا؟ (باجەڵان: ٥٧)

شاعیر داوا لە رۆلەکانی میللەتەکەی دەکات کە هەمیشە پشتیوانی یەکترین و پشتی یەکتر بەرنەدەن, بۆئەوەی داگیرکەران پێیان نەوێرێت و خۆ ئەگەر وانەکەن داگیرکەران وەکو سەگ تەماشاتان دەکەن و پاسەوانی مڵک و ماڵی خۆیتان پێدەکات, لێرەدا شاعیر زۆر بەتوندی تاکەکانی هۆمەڵگاکەی لە دەردی کوشندەی یەکنەگرتن هۆشیاردەکاتەوە, لەهەمانکاتدا نیاز و مەبەستی ئەغیاران ڕوون دەکاتەوە, بۆیە داوایان لێدەکات کە گوێ لە وتەکانی بگرن و دەڵێت:

گوێت لە واتام بێ, بەڵام هۆشت بێ

مێژووی کوردستان حەڵقەی گۆشت بێ

تۆ بەخێو ئەکەم بۆ یارمەتی خەڵک

بۆ هاوزوبانت کەڵکت هەبێ, کەڵک (باجەڵان: ٥٩)

لێرەدا شاعیر بە پەیامی ڕوناکبیرانەی خۆی داوا لە تاکەکانی کۆمەڵگاکەی دەکات گوێ بۆ وتەکانی شل بکەن و کەڵکی لێوەربگرن و یارمەتی یەکتر بدەن, چونکە مێژووی میللەتی کورد بەم هاوکاریکردنەوە بەندە و پێویستە خزمەت بە هاوزمانانمان بکەین, هەروەکو دەڵێت:

وەکو کەشتی کون کا, خۆیشی تێدایە

لایەت بۆ ئەکەم بەوشەرت بیزانی

بۆ هاو خوێنی خۆت قۆچی قوربانی(باجەڵان: ٥٩-٦٠)

پەیامی شاعیر لێرەدا تارەدەی قوربانیدانە لە پێناوی هاوزمان و هاوخوێنی میللەتەکەیدا, دیارە لەو سەردەمانەدا ئەم هەستە لەلای تاکەکانی کورد لاواز بووە بۆیە شاعیر درکی بەمەکردووە و دەیەوێت هۆکەڵگاکەی هۆشیاربکاتەوە لەو کێشە کوشندەیە, پەیامی ڕوناکبیری و تێگەیشتووی و بیرمەندی شاعیر لەبارەی کێشەکانی کۆمەڵگاکەیەوە لێرەوە دەردەکەوێت. بەم پێیە دەتوانین بڵێیت شاعیر هەوڵی رووناکبیرانە بە ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکانیەوە بەدی دەکرێت و خۆی دەخاتە خانەی شاعیرانی ڕوناکبیریی کوردەوە.

### ئەنجام:

١- بزوتنەوەی ڕوناکبیریی بزوتنەوەیەکی گشتگیر و فرە ڕەهەندە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەبووە لە خۆرئاوا و ئەوروپاوە سەری هەڵدا و پاشان لە نێو گەلانی ڕۆژهەڵدات دەرکەوت.

٢- لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە ئازادی و سەربەستی و عەقڵانی بوو, بەڵام لەلای نەتەوەی کورد زیاتر هاندان و هۆشیارکردنەوە بوو لەو کێشانەی کە هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵگابوون لە دیارترینی کێشەی ( نەخوێندەواری و دووبەرەکی و بێگانەپەرەستی و چەند لایەنێکی ئاینی و نیشتمانی و نەتەوەیی).

٣- بێدار یەکێکە لەو شاعیرانەی ،کە کەم شیعری هەیە هەڵگری پەیامی رووناکبیرانە نەبێت.

٤- بەشێوەیەکی گشتی پەیامی روناکبیرانەی لە بارەی ڕەخنەگرتن لە کێشەکانی ناو کۆمەڵگا و هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگا بووە بۆ یەکگرتن و نەهێشتنی نەخوێندەواری.

٥- زۆرترین شیعری لەبارەی نیشتمان و خوێندەواری و ڕەخنەی ئاینییەوە بووە.

## سەچاوەکان:


١- باجەڵان, ابراهیم(٢٠٠٣), بەشێک لە دیوانی شێخ بابا علی(بێدار), چاپی یەکەم, چاپخانەی ڕەهەند.

٢- سالح, ئاوارە کەمال(2012)، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣- سجادی, علاالدین(1971), مێژووی ئەدەبی کوردی, چاپی دووەم, چاپخانەی معارف, بغداد.

٤- کەساس جەباربمحەمەد ئەحمەد سەعید(٢٠١٥)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی،چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.

٥- ـــــ(٢٠٠٧), کەرکوك و بزاڤی شیعری کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٦- هاشم سالّح، هاشم(2007)، فەلسەفە.ڕۆشنگەری.فێندەمێنتالیزم، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

٧- ئەحمەد,هیدایەت(١٩٩٠), بێدار شاعیر و نیشتیمانپەروەری ناچەی خانەقی, گۆڤاری بەیان, ژمارە (١٦٥).

٨- باجەڵان, ابراهیم(١٩٧٤), گۆڤاری بەیان, ژمارە (٢٠).

٩- مستەفا,ئاسۆ عومەر(2017) خوێندن وزانست لە شیعری کوردیدا(کرمانجی خوارووی1816-1970)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ساڵی چوارەم ژمارە(13)، کانونی یەکەم.

١٠- الحيدري ابراهيم ,النقد بين الحداثة وما بعد الحداثة

١١- بورويير، بيار ايف(2006)، ترجمة: د.محمد علي قلد،ط1، دارالكتب ، بنغازي، ليبيا.

١٢- جون كوتنغهام جۆن (١٩٩٧)، القلانية: فلسفه متجددة،بترجمة: محمود منفذالهاشمي، مركز الانماء الحضاري، حلب.

١٣- بغوره، الزواوي(2009)، ما بعد الحداثة والتنوير، موقف الانطولوجيا التأريخية –دراسة نقدية، ط1 دار الطلبعة للطباعة والنشر، بيروت .

١٤- أزاد، پيمان(1379)، روشنفكرى چيست؟، پرتال جامع علوم انسانى، شماره(10).

١٥- Weber, Eugen(1992), Movements, Currents, Trends: Aspects of European Thought in the Nineteenth and Twentieth Centuries.